





## بۆیادو بیرەوەریی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر
## بەشی ٢٧

**پێداچوونەوەیەک  بە پێداچوونە کەی مەلا عەبدوللاحەسەن‌زادە بە وەرگێردراوی دەقی کوردیی**
**کتێبی خولیا ومەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان**

کورتەیەک بۆ وەبیرهێنانەوەی  پلانی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر لە
لە ١٣/٧/١٩٨٩ شاری ڤییەن

مافناس– حەسەن ئەیوبزادە

رۆژنامـەی کیهـان ژمـارە ١٣٠١١ لـە بانەمـەری ١٣٦٦ ی هـەتاوی باسـی لـە نـاردنی راپـۆرتێکی نهێنیـی و محرمانـەی جـەلال تالـەبانیی بـۆ" وەزارت اطلاعـات " ی دەولـەتی کۆمـاری ئیسـلامیی سـەبارەت بـە" بـێ سـەرەوبەرەیی حـدکاو داوای وەرگرتنـی ئەماننامە  بۆ د.قاسملوو "کردبوو.


رووت خەون بە دووگەز جاوەوە دەبینێ
رۆژنامەی "کیهان" کە لە تاران چاپ دەکرێ لە ژمارەی ١٣٠١١ی ڕێکەوتی شەشەمی بانەمەری ساڵی ١٣٦٦دا "هەواڵ"ێکی نهێنیی لە بارەی وەزعی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاپ کردوە. بە پێی ئەم "هەواڵ"ە حیزبی ئێمە لە نێو ڕیزەکانی خۆیدا تووشی "بێ سەرەوبەرەیی و لاوازی" بووە و بەم هۆیەوە سکرتێری گشتیی حیزب هاورێ دوکتور عبدالرحمن قاسملوو لە نامەیەکدا کە بۆ جەلال تالەبانیی نووسیوە، "ویرای ئیقرار بە وەزعی نابەسامانی حیزب" داوای لێ کردوە ببێتە نێوبژیوان" و بۆ سکرتێر و ئەندامانی دیکەی حیزب" لە کۆماری ئیسلامی ئەمان‌نامە وەربگرێ".
ئێمە ویرای چاپ کردنی کلێشەی "هەواڵ"ە نهێنییەکەی رۆژنامەی "کیهان" – وەک گاڵتەیەکی خەبەری، خوێنەرانی "کوردستان" و هەموو هاونیشتمانانی خۆشەویست دڵنیا دەکەین کە خەباتگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەڵامی ئەو فڕوفیشاڵ و درۆ و دەلەسانە لە مەیدانی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوایەتی دا بە کۆنەپەرستان دەدەنەوە.
کیهان
درهم‌ریختگی در حزب منحله دموکرات
جیهادی سازندگی!!

وەزیــــــری " اطلاعـــــات" (دەزگـــــای جاسوسـیی دەولــەت) لــەو کاتــەدا شـێخ علی فلاحیان بووە.

ئـەو راپۆرتـە کـە مەلاعەبـدوللا  (حیـاکی) بـە "راپـۆرتی خەبـەریی " واتـە  "جاسوسـیی" پێناسـەی کردبــوو  و کلیشــەکەی بــە شــرۆڤەیەکی هەزەلییــەوە، لــە ژێرنــاوی" رووت خـەون بـە دوو گـاز جاوەوە دەبینێ  لـە بلاوۆکـی" کوردسـتان" ئۆرگـانی رەسـمیی کومیتـەی ناوەنـدیی حـدکا داچـاپ کردبـوو. ئــەوەش وێنەیــەکی ئــەو راپۆرتــە خەبەرییــە و  شــرۆڤە کردنەکــەی مــەلا عەبدوللاحەســەن‌زادەیە  بــۆ وەزارەتــی ئیتتیلاعات کە لێرەدا نووسراوەتەوە.

"رۆژنامـەی کیهـان کـە لـە تـاران چـاپ دەکرێ لـە ژمـارەی ١٣٠١١ ی رێکـەوتی شەشـەمی بانەمـەری سـاڵی ١٣٦٦ دا هـەواڵێکی نهێنیـی لـە بـارەی وەزعـی نێوخـۆیی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـەوە چـاپ کـردووە. بـە پێی ئـەم "هـەواڵ" ە حیزبـی ئێمـە لـە نێـو ریزەکـانی خـۆیدا تووشـی بـێ سـەرەوبەرەیی و لاوازیـی بـووە و بـەم هۆیـەوە سـکرتێری گشـتیی حیـزب هـاورێ دوکتـور عەبـدوررەحمان قاسـملوو لـە نامەیـەکدا کـە بۆجـەلال تالـەبانیی  نووسـیوە وێـرای ئیقـرار بـە وەزعـی نابەسـامانی حیـزب "داوای لێ‌کردووە ببێتە نێوبژیوان " و بۆ سکرتێر  و ئەندامانی دیکەی حیزب "لە کۆماری ئیسلامی ئەمان‌نامە وەربگرێ".

ئـەو بابەتـەی کـە خراوەتـە  بـەرچاو، شـرۆڤەی " راپۆرتەخەبەرییەکـەی جـەلال تاڵـەبانیی" "سـەرۆکی هێـزی پشـتیوان"، هاوخـەبات و هاوپـەیمانی حـدکا بـووە کـە  بـۆ دەزگـای جاسوسـیی رژیمێکـی نووسـیوە کـە فـەرمانی جیهـادی دژی گـەلی کـوردی لـە رۆژهەلاتی کوردستان دابوو. ناوەرۆکی ئەو راپۆرتە "جاسوسیی"یەش لە راستیی بەدوور بووە.

مـەلا عەبـدوللا حەسـەن‌زادە (حیـاکیی) لەسـەر  ئـەو راپۆرتـەی تالـەبانیی بـۆ وەزارەتـی ئیتتیلاعـاتی رژیـم  هەلۆێسـتی خـۆیو حـدکای دەربریبـوو. مـەلا عەبـدوللا بـۆ خۆنزیـک کردنـەوە لـە د.قاسـملوو و بـە فریـوبردنی هـەموو ئەنـدامانی حـدکا و کومیتـەی ناوەندیی لە گاڵتەکردنەکەیدا  بە راپۆرتەکەی  تالەبانیی نوسیبووی:

"ئێمـە وێـرای چـاپ کردنـی کلێشـەی " هەواڵـە نهێنیـی یـە کـەی رۆژنامـەی کیهـان – وەک گاڵتەیـەکی خەبـەریی – ، خوێنـەرانی کوردسـتان و هـاو نیشـتمانانی خۆشەویست **دڵنیا دەکـەین** کـە خـەباتگێرانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران ، وەلامـی ئـەو درۆ و دەلەسانە لە مەیدانی  خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوایەتییدا بە کۆنەپەرستان دەدەنەوە." !!

وەلامە کەی تائێستای مەلاعەبدوللا حەسەنزادە و تەنزیمە جاسوسییەکەی لە هەرمۆتەی کۆیە، هەزاران تەزویری کەس نەکردوو، جاسوسیی کردن دژی رێبەرانی حدکاو دانی زانیاریی بە تێرۆریستەکانی وەزارەتی ئیتتیلاعات و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ی.ن.ک. بۆ تێرۆری رێبەرانی حدکا، رفاندندن، بێسەروشوێنکردن، تەسلیم کردنەوەی ئەندامانی حدکا بە رژیمی " بە قەولی مەلاعەبدوللا خوالێخۆشبوو خومەینیی " و هاوکاریی کردن لەگەل زانیاریی ینک بۆ کوشتاری پەنابەرکردووانی حدکا لە قژلەکەی هەرمۆتە بووە. مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بەو هاوکاریی کردنەی خۆی وتیمەکەی لەگەڵ دەزگاکانی جاسوسیی ینک و کۆماری ئیسلامیی، توانیویە دەست بەسەر سامانی ئەفسانەیی حدکا دا بگرێ و ژیانی سەرشۆڕانەی خۆی و تاقمە لانزەلیلەکەی لە تێرۆری سەرانی رژیم بپارێزێ و بکرێتە جاسوسێک کە لە هەموو جیهاندا وێنەی نەبووە و ناویان لە بەرنامەی پڕلە فروفیشاڵی پەنجە مۆردا تۆمار بکرێ.

پێشتر گوترا کە ناردنی ئەو راپۆرتە نهێنییەی تالەبانیی بۆ ئۆدەی کارە تایبەتییەکان کە محمد باقر ذوالقدر[1] بەڕێوەی دەبرد و پەروەندەی تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیمی بۆ بریاردەرانی تێرۆر : رفسنجانیی، خامنەیی، علی اکبر ولایەتیی، علی فلاحیان، محسن رضائی ئامادە دەکرد بۆ سەرانی بریاردەری تێرۆر بە مانای هەڵکردنی گڵۆپێ سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و ئەسپاردنی ئەرکێک بە تالەبانیی فام کرابوو.

**یەکێتیی نیشتمانیی و " رێکەوتن" ی تشرینی یەکەمی ۱۹۸۶ لە گەڵ دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران**

جەلال تاڵەبانیی و وەفدەکەی ی.ن.ک. بریتیی لەو ناوانە: ۱- فەرەیدون عەبدولقادر ۲- د.کەمال خۆشناو ۳ - دارا حەفید٤ - رەفعەت عەبدوررەحمان و ٥-شێردل حەویزی لە تشرینی یەکەمی ۱۹۸٦ لە تاران بە پێی رێکەوتنێکی نەقانوونیی دژ بە پەسندکراوە ناو دەوڵەتییەکان بە تایبەتیی پەیماننامەی ۱۹٦۹ ڤییەن[2] کە لەگەل محمد باقر ذوالقدر[3]، ئیمزاکرا بوو، "یەکێتیی نیشتمانیی" کرا بە تابوری پێنجی رژیمی خومەینیی و لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا تواندبوویانەوە. بروانە کتێبی "خولانەوە لە ناو بازنەدا، نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین چاپەکانی یەکەم و دووهەم لە برلین و ئالمان لاپەرەکانی ۱۱۲-۱۱۳-۱۱٤ ! بۆخوێندنەوەی سەرجەمی ئەو کتێبە کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

محمد باقر ذوالقدر هەڵسوڕێنەری تالەبانیی و تەنزیمەکەی بۆ بەڕێوەبردنی هەموو پلانەنەکانی رژیمی خومەینیی لە کوردستان بووە. گوترا کە بە پێی دەقی رێکەوتنی تشرینی یەکەم ساڵی ۱۹۸٦ "یەکێتیی نیشتمانیی "کرابوو بە بەشێک لە دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران[4] و **محمد جعفری صحراودی تاوانبار بە تیرۆری د.قاسملوو عەبدوللاقادریی ئازەر، بە ناوی سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئێران [ بخوێنەوە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران] ناردرابوو بۆ یاخسەمەر. یاخسەمەر ناوەندی ی.ن.ک و شوێنی ژیانی تالەبانیی و بنەماڵەکەی بووە. ئەو شوێنە گوندێکی چۆڵکراو،** لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ لە سنوری رۆژهەلات و باشوری کوردستان بوو.



کاری ئەو دەفتەرە سەرەکییەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر، رایەڵکردنی تۆڕی جاسوسیی لە ناوەندی دەفتەی سیاسیی حدکا لە گەورەدێ بووە. هات و چۆی ئەندامانی ینک بۆنەخۆشخانەی ناوەندیی حدکا لە گەورەدێ و جاسوسیی کردن ئازادبوو. نووسەری ئەم بابەتە سێ رۆژ بەرلە بەرێوەبردنی رێورەسمی ۲٥ گەلاوێژ لە نزیک ماڵەکانی ئەندامانی کومتەی ناوەندیی حدکا ئەندامێکی خڕە تۆپنەی سەرکردایەتیی ی.ن.ک. بە ناوی ف. پێناسێندرا کە ویستبووی بێتە خزمەت و سڵاوێک

---

[1] *http://news.gooya.com/2017/05/post-3403.php*

[2] http://diplomasy.persianblog.ir/post/158/

[3] *http://azizanpress.com/index/wp-content/uploads/2013/08/banisadar.pdf*

4 کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ۱۱۲-۱۱۳ - ۱۱٤ نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین چاپی سولەیمانیی و برلین ۱۹۹۹

عەرزبکا ... ئەو کەسایەتییە لە هەولی ئەوەدابوو شوێنی ژیانی د.قاسملوو بزانێ. سێ رۆژدواتر دوو فرۆکەی شەرکەری فانتۆم چەند بۆ مبێکیان بەسەر مالەکانی دەفتەردا هەلڕشت کە چەندین بریندداری لێکەوتەوە. لەماوەیەکی کورتدا هەر زانیارییەکی کە بۆ تۆپچییەکانی رژیم و هێلیکۆپتێر وفرۆکە نیزامییەکانی ئێران لەسەرحدکاو رێبەرانی پێویست بووە لە ینک و جاسوسەکانی ئیتتیلاعاتی سازماندراوی ناو حدکا بەسەرپەرشتیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە وەردەگیرا. هاتوچۆی پاسدارەکانی رژیم بەبەر بنکەکانی پێشمەرگەداو دانی دروشمی "مرگ بر دمکرات" ئاسایی بوو.

نووسینەکانی نەوشیروان مصطفی ئەمین و کردەوەکانی جەلال تالەبانیی ولێکۆلینەوە لە رەوتی روداوەکانی کوردستان دەریدەخەن کە تێکەلاویی مەکتەبی سیاسیی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران سنورێکی نەبووە. ینک تەنزیمێکی تەواوە لە ناو وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینیدا بووە.

لێکۆلینەوەکان دەریدەخەن کە هێنانی صحرارودی بۆ یاخسەمەر ( ناوەندی ینک و شوێنی ژیانی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا) تەنیا بۆ تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی و توناکردنی حدکا نەبووە.

پلانی سەرانی سپای پاسداران بە هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی بە تایبەتیی جەلال **تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی، فەرەیدون عەبدولقادرو فواد معصوم بە گشتیی سەرانی مەکتەبی سیاسیی ینک** مەترسیدارتر لە بەڕێوەبردنی کارەساتەکانی ئەنفالەکان بووە.

محسن رضائی فەرماندەری پێشتری سپای پاسداران، کاتێ کە باس لە قەرارگای رمضان و پلانەکانی بۆ کیشانی شەری دوو ئەرتەشی زەبەلاحی عێراق و ئێران لە باشووری عێراقەوە بۆ سەر خاکی کوردستاندەکا، وتەکانی طارق عەزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادر دێنێتەوە یاد کە نەوشیروان مصطفی لە لاپەرەکانی ٧ و ٨ ی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسیونی. بروانە لاپەرەکانی ٧ و ٨ ی کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا کرتە بۆ ئێرە وئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

هەروا بروانە رێکەوتنی ١٩٨٦ ینک و باقری ذوالقدر ( کردنی ینک بە بەشێک لە ئیتیلاعاتی سپای پاسداران لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ و لاپەرەکانی ١١٢–١١٣–١١٤ ی خولانەوە لە ناو بازنەدا بخوێنەوە.[5]

لە شەری نێوان ئێران و عێراقدا، طارق عزیز، وەزیری کاروباری دەرەوەێ عێراق، نهێنیی روداوەکانی شەر و تێشکانەکانی ئەرتەشی ئێران و سپای پاسدارانی بۆ فەرەیدون عەبدولقادر باس کردبوو.

طارق عزیز لە فەرەیدون عەبدولقادر پاڕابۆوە کە لەگەل رژیمی بەعس رێک بکەون و نەکەونە داوی ئاخوندەکانەوە، بەلام سەرانی تەنزیمی ینک بەبێ سەرنجدان بە قانوونە نێودەولەتییەکان و باوەرکردنیان بە خەیالپلاوی پێکهێنانی هیلالی شیعیی پێکهاتوو لە شیعە مەزهەبەکانی ولاتانی عێڕاق، سوریا، لوبنان، یەمەن و بەحرەین ± کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تالەبانیی کە لە لاپەرەکانی ٧ و ٨ کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا نووسراوە.

ئاخر سەر لە پلانی داگیرکردنی باشووری کوردستان و لکاندنی بە ئێرانەوە بروانە کە **محسن** رضائی لە رۆژی دووشەممە ١١ ی گولانی ١٣٩٦ بە رامبەر بە ١ مای ٢٠١٧ ئاشکرای کرد. ئەوە تازەترین تاوانی سەرانی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە کە دەخرێتەبەرباس و بەرچاوی کورد.

_راپۆرتی تالەبانیی بۆپلێنۆمی چواری ینک کە لە ٢٩–٢٠٠٩/١٠/٣١ و وەلامەکەی بە ناوی " لە هاوخەباتیەوە بۆتەخوین " کە لە لایەن نەوشیروان مصطفی وە نووسراو گرێدانی چارەنووسی کورد بە چارەنووسی ئاخوندەکانەوە گرێدرا و جێبەجی کردنی پلانی کوردتوناکەری شەڕی هەلەبجە ... ئەمانە دەریانخست کە زەوینەی خولقاندنی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بۆ دوو رژیمی جینایەتکاری بەعس و کۆماری ئیسلامیێ ئێران لە لایەن سەرانی ی.ن.ک. ەوە پێک هێنرابوو.

[5] *http://www.banisadr.org/ketab/hezbe_siasi_mosalah.html*

باس کردن لەو واقعییەتانە بە مانای پاکانەکردن بۆ جینایەتکارانی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان نییە. بەرپرسایەتیی خولقاندنی سەرجەمی تاوانەکان بە پلانی راستەوخۆی دوو رژێمی عێراق و ئێران بووە، بەڵام دەوری بەرپرسانی مەکتەبی سیاسیی تەنزیمی ینک بە تایبەتیی جەلال تالەبانیی، فەرەیدون عەبدولقادر، نەوشیروان مصطفی ئەمین، فواد معصوم، کەمال فواد، کەمال خۆشناو، دارا حەفید، ڕەفعەت عەبدوڕڕەحمان و شێردڵ حەوێزیی بۆ پێکهێنانی دەرفەت و زەمینە بۆ خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان بۆدوو رژیمی عێراق و ئێران دەورێکی سەرەکیی هەبووە. پێکهێنانی ئەو هەلومەرجە و یاریی کردنی ئەو دەورە سەرەکییە لە نەفامیی سیاسییەوە سەرچاوەی گرتووە یان قەست و نییەتی سیاسیی و ماڵیی لە ئارادابووە جێی پرسیارو لێکۆلینەوەو توێژینەوەی زیاترە.

## طارق عزیزو ئاشکراکردنی پلانی رژیمەکەی بۆ فەرەیدون عەبدولقادر،

نەوشیروان مصطفی ئەمین لە روپەری ٧ کتێبی جولانەوە لە ناو بازنەدا لەژێر سەرناوی " هەرەشەکانی طارق عەزیز لەدیدارەکەیفەرەیدون عەبدولقادردا" پێی گوتبوو :

" ئێمە ناروخێین چونکە دونیا لەبەرامبەر ئێراندا پشتیوانیمان لێ ئەکا. رۆژێکیش دێ، ئەم شەڕە تەواو ببێ. ئەگەر ئێستا بێن و لەگەڵمان پێک بێن، چاکەیەکی گەورەمان لەگەڵ ئەکەن، هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. خۆئەگەر شەر درێژە پێ بدەن ، دوای تەواوبوونی شەری ئێران، ئەو جەیشە زەبەلاحەی بۆشەڕی ئەوانمان دروست کردووە ئەیهێنینە سەر ئێوە، ساڵێک وەخت و سەد هەزار کوژراوتان بۆ تەرخان ئەکەین، بەلام خاکتان بە تورەکە ئەبێژین"[ خاک بە تورەکە نابێژرێ، ئەکێشرێ- نووسەری لێکۆلینەوە ] و تەفرو توناتان ئەکەین. سەرچاوە . خولانەوە لە ناو بازنەدا، نەوشیروان مصطفی چاپی ١٩٩٩، برلین و سلێمانیی روپەرەکانی ٨ و٧.

فەرەیدون عەبدولقادر ئەو واقعییەتەی بە هەرەشە لێکدابۆوە. ناوبراو و تالەبانیی دوای بیستنی ئەو وتانەی طارق عزیز بێ ئەوە چاوەروانی گەڕانەوەی طارق عزیزلە سەفەری کۆنفەرانسی ولاتانی ئیسلامیی و لە ئاکامی وتوێژەکەیان ئاگادار بن، تەقڵەکوت، تاران بگرە و هاتم.

باقری نوالقدر چاوەروانی هاتنیان بووە کە تەنزیمەکەیان بکا بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ستونی پێنجەمی کۆماری ئیسلامیی. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ١٠١ تا ١١٤ کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrlدابگرە![6]

خولقاندنی کارەساتەکانی کوردستان( ئەنفالەکان، قڕکردنی خەڵکی هەلەبجە، سەردەشت ، بێسەرو شوێنکردنی هەشتهەزار بارزانیی، وێران کردنی هەزاران گوند، کۆڕەو، تورەکەکێش کردنی خاکی کوردستان بەو شێویە کە طارق عزیز پێشاوپێش باسی کردبوو، کردنی ی.ن.ک. بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، سەرانی ینک و بە تایبەتیی تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین و فەرەیدون عەبدولقادر زەمینەی خولقاندنی کارەساتەکانیان بۆ دوو رژیمی عێراق و ئێران پێک هێنا بوو.

تالەبانیی لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ لە پلێنۆمی ٤ ینک و نەوشیروان مصطفی ئەمین لە داکۆکییناممە و پاساوهێنانەوەی خۆیدا بە ناوی "لە هاوخەباتیەوە بۆتەخوین" بەرپرسایەتیی خۆیان بۆ خولقاندنی زەوینەی هەموو کارەساتەکانی کوردستان بەئەستۆی یەکتر داهێنا. کرتە بۆ ئێرە و ئێرەبکە و Ctrl دابگرە!

واقعییەتێک کە محسن رضائی لە رۆژی دووشەممە ١١ ی گوڵان ( اردیبهشت ١٣٩٦) ( یەکی مانگی مای) باسی کردووە، دەوری سەرەکیی سەرانی ینک ی بۆ خولقاندنی زەمینەی کارەساتەکان بۆ دوو رژیمی جینایەتکاری ئێران و عێراقی ئاشکرا کرد.



## داگیرکردنی باشوری کوردستان بە هاوکاریی سەرانی ی.ن.ک و ئاکامە سیاسییەکانی [7]

---

6 http://news.gooya.com/2017/02/post-1102.php

محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران پلانی داگیرکردنی باشوری کوردستان و لکاندنی بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە هاوکاریی ی.ن.ک ، لە١١ اردیبهشت ١٣٩٦ ئاشکرا کرد. سەرنج بدە ئەو سیاسەتەی کە تالەبانیی و تەنزیمەکەی بۆ رژیمی خومەینییان بەرێوە بردووە. دەقەکە ٨ لاپەڕەیە بەلام ئەو بەشەی کە سەبارەت بە هاوکاریی ینک لەگەل سپای پاسدارانی خومەینیی بۆ داگیرکردنی باشوری کوردستان بەڕێوەی بردووە لێرەدا بە زمانی فارسیی بیخوێنەوە !

• از دلیل تشکیل «قرارگاه رمضان» بگویید. آیا قرارگاه رمضان در جبهه شمالی نمی‌توانست بن بست جنگ در سالهای ۶۳-۶۲ را برطرف سازد؟

. چرا می‌توانست و به همین علت هم ما محور شمال عراق را فعال کردیم. بطور کلی ما در عراق سه هدف اصلی داشتیم که ارزش برنامه ریزی داشت: بصره، بغداد و کرکوک.فاصله ما تا کرکوک خیلی زیاد بود و حتی در برخی مناطق بیشتر از فاصله ما تا بغداد اما امکان خوبی که ما داشتیم مسئله جمعیتی بود یعنی جمعیت ساکن دراطراف کرکوک را اکراد معترض به دولت عراق تشکیل می‌دادند و ما می‌توانستیم با استفاده از اختلاف‌ها و اعتراض‌هایی که نسبت به حزب بعث و دولت عراق داشتند، پتانسیل جدیدی در جنگ علیه دولت صدام بوجود آوریم.

بر همین اساس قرارگاه رمضان را به فرماندهی برادر ذوالقدر تشکیل دادیم و ایشان هم وقت کافی گذاشتند و همراه با آقای طالبانی به سلیمانیه رفتند و در ارتفاعات شمال سلیمانیه و تا نزدیک کرکوک نیروها را جلو کشاندند و در واقع با سازماندهی اکراد معترض عراق به دنبال فرصتی بودیم تا خط دفاعی عراق رادر هم بشکنیم.

در عملیات والفجر ۱۰ یکی از انگیزه‌های اصلی ما این بود که از سمت سد دربندیخان به سلیمانیه نزدیک شویم و با گرفتن سلیمانیه، کل جبهه شمال عراق را به خودمان متصل کنیم درنتیجه عملاً کرکوک هم از طریق سازماندهی که در بین اکراد معترض کرده بودیم به دست ایران می‌افتاد.بنابراین قرارگاه رمضان مورد توجه ما بود تا به عنوان یک محور پر قدرت علیه ارتش عراق سازماندهی شود اما عواملی موجب شد که به اهداف خودمان از جمله تصرف سلیمانیه دست پیدا نکنیم.

داگیرکردنی باشوری کوردستان و لکاندنی بە ئێرانە وە بە هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی " دوای راکێشانی دوو ئەرتەشی زەبەلاحی عێراق و ئێران لە باشوری عێراقەوە بۆ سەر خاکی کوردستان بووە. ئەو ش ئاشکراکردنی بەشێک لەو نهێنییانەن کە ڕێبەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامیی بە هاوکاریی یەکێتیی نیشتمانیی لە باشورو رۆژهەلاتی کوردستان بەسەر گەلی کوردیان هێناوە. بەشێک لەو واقعییەتانە پێشتر لە لایەن تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمینەوە دانی پێدانرابوو کە تالەبانی لە راپۆرتی سیاسیی خۆیدا بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ دا نەوشیروان مصطفیٰ ئەمینی بە هاندەری صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە تاوانبار کردو نەوشیروان مصطفی لە بەرامبەردا تالەبانی زەمینە خولقێنی هەموو کارەساتەکان بۆسەرانی دوو رژیمی ئێران و عیراق تۆمەتبار کرد چونکە ئەو و وەفدەکەی لە ١٩٨٦ ینک یان کردبوو بە بەشێک لە سپای پاسداران. ئەوش خوویایە کە دامەزراندنی ناوەندێکی جاسوسیی لە شاری سەردەشت لەلایەن سەرانی ینک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە هەموو بەرەکانی شەری ئێران و عێراق، کارەساتی قرکردنی شاری سەردەشتی لێکەوتبۆوە. ئەو پلانە نهێنییەی کە محسن رضائی باسی کردووە بۆ رژیمی بەعس و هەموو ولاتەعەرەبییەکان ئاشکرابووە. کوشتار ی کورد لەو پلانە نهێنییەدا دەکرا چەندین بەرابەری ئەوکارەساتانەی کە لە ئەنفالەکان و بێ سەروشوێن کردنی هەشت هەزار بارزانی بەسەرکوردهێنرا زیاتر بێ. ئەوە تازەترین تاوانێکە کە ئەو کارگێرە بەرپرسەی رژیمی خومەینیی دانی پێداناوە و ئاشکرای کردووە کە کارگێرانی سیاسیی کورد تاکوێ و چەندە لە خولقاندنی کارەساتە سیاسییەکانی کوردستاندا دەستیان هەبووە.

وەرگێردراوی وتەکانی محسن رضائی لەژێر ناوی [1]روایت جنگ از زبان محسن رضائی فرماندە جنگ لە و دەقەی خوارەوەدا بە زمانی کوردیی بخوێنەوە! .

لە محسن رضائی، فەرماندەری شەر داوا کراوە کە باسی قەرارگای رەمەزان بکا و رونی بکاتەوە کە ئەو قەرارگایە بۆ چی نەیتوانیبوو گرێپووچکەی شەر لە سالەکانی ١٣٦٢ و ١٣٦٣ دا بکاتەوە؟ محسن رضائی وەلامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەلێ[8] : "– بەلێ دەیتوانی لەبەر ئەوە ئێمە بەرەی شەرمان لە باکوری عێراق(کوردستان) کاراکرد. بە گشتیی ئێمە لە عێراقدا سێ ئامانجی سەرەکییمان هەبوو کە شیاوی دارشتنی بەرنامە بۆ گەیشتن بەو سێ ئامانجە بوون: بەسرە، بەغدا و کەرکوک.

مەودای ئێمە تا کەرکوک زۆر بوو.لە هێندیک شوێنەوە زیاتر لە مەودای بەغدابوو. بەلام ئیمکانێکی باش کە ئێمە هەمان بوو مەسەلەی حەشیمەتەکەی بوو.واتە حەشیمەتی دەورو بەری کەرکوک، لە کوردە دژبەرەکانی

7 *http://vista.ir/article/341282*

8 HTTP://VISTA.IR/ARTICLE/341282/

رژیمی " بەعس" پێک هاتبوو و ئیمە دەمانتوانی کەڵک لە ناکۆکییەکانیان دژ بە حکومەتی ناوەندیی وەربگرین و توانایییەکی زیاتر بە دژی دەولەتی بەعس پەیدابکەین.

ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە قەرارگای رەمەزانمان پێک هێناو **باقری ذوالقدرمان** کرد بە فەرمانندەری ئەو قەرارگایە[9]. ناوبراو کاتی تەواوی هەبوو و **لەگەڵ ئاغای تاڵەبانیی چوونە سولەیمانیی و لە بەرزاییەیەکانی سولەیمانییەوە هێزەکانیان تا نزیک بە کەرکوک بەرەو پێش برد. لە راستییدا بەرێکخستنی کوردە دژبەرەکانی عێراق لە دەرفەتێک دەگەڕاین هێڵی بەربەرەکانیی عێراق تێک بشکێنین.**

لە عەمەلیاتی والفجری ١٠ یەکێ لە هاندەرە سەرەکییەکان ئەوە بوو کە **لە لای دەربەندی خانەوە لە سولەیمانیی نزیک ببینەوە و بە گرتنی سلێمانیی، سەرانسەری جەبهەی باکوری عێراق بخەینە سەرخۆمان [داگیری بکەن]لە ئاکامدا بە کردەوە کەرکوکیش لە رێگەی رێکخستنی کوردە دژبەرەکانەوە دەکەوتە ژێر دەستی ئێران.** لەو رووەوە قەرارگای رەمەزان جێی سەرنجی ئێمە بوو، تا وەکو تەوەرێکی بەهێز دژی توانایی ئەرتەشی عێراق رێک بخرێ. بەلام هۆگەلێک بوونە هۆکار کە ئێمە بە ئامانجەکانی خۆمان **کە دەست بەسەرداگرتنی سلێمانیی بوو سەرنەکەوین.** "

ئەو سناریۆیە کە تاڵەبانیی و تەنزیمەکەی لەگەل باقری ذوالقدر و محسن رضائی بۆ راکێشانی ئەرتەشی ئێران و عێراق بۆ سەر خاکی کوردستان بەو جۆرەی کە طارق عەزیز بۆ فەرەیدون عەبدولقادری باس کردبوو هەمان پلانی پێکهێنانی هیلالی شیعیی ± "کوردستان" بە سەرۆکایەتیی تالەبانیی بووە کە ، بەلام لە مقیاسێکی بەرینتردا کە نەو شیروان مصطفی بە خەیالپلاوی پێناسەکردبوو و لەگەل نووسەرێکی رۆژنامەی لۆمۆند باسی کردبوو.

رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو داوی تێرۆر و کردنی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە جاسوسی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکاری تێرۆریستەکان و بەسەدان ئەندامی حدکای پێ لە ناودەبەن ، زانیاریی ینک و وەزارەتی ئیتتیلاعات لەچوارچێوەی ئەو پلانانەدابووە کە سەرانی دوو دەولەتی ئێران و عێراق بۆیان دارشتووە.

کاتێ کە سەرانی ینک و بە تایبەتیی تالەبانیی و تیمەکەی حازر دەبن باشوری کوردستان لە عێراق دابڕی و بە پێچەوانەی ئەسلی حاکمییەت و تەواوەتی ئەرزیی تەسلیم بە ئێران بکرێ لەم جیهانە دا کامە

بەرپرسی راگەیاندنی ینک لەمەر راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ٢٩-٣١ ی مانگی دەی ٢٠٠٩ نووسی: سکرتێری ینک ئەوەی کە لەژێر بەڕەدابوو خستیە سەر بەڕە و نەوشیروان مصطفی ئەمینی بە هاندەری صدام بۆ کوشتاری خەلکی هەلەبجە تۆمەتبار کرد.

نەوشیروان مصطفێ ئەمین لە وەلامدا تالەبانیی بە بەرپرس و خولقێنەری زەمینە بۆ هەموو کارەساتەکانی کوردستان تاوانبار کرد و رایگەیاند کە کردنی ی.ن.ک بە بەشێک لە سپای پاسداران کاری تالەبانیی بووە.

محمد باقر ذوالقدربە گوێرەی رێکەوتنی خێلەکیی تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ کارتێکەرییەکی بێ سنوری بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی دژ بە حدکا و رێبەران و ئەندامانی، لکاندنی باشوری کوردستان بە ئێرانەوە لەسەر تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین بووە. ئەسپاردنی مەئمورییەتی کردنی ینک بە بەشێک لە سپای پاسداران بە باقری ذوالقدر کە بەرپرسی ئامادەکردنی فایلی تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم بووە مانای مەفهوومێکی رونی هەبووە.

بەپێێ لێکۆلینەوەکانی اکبر گنجی و بنیصدر (سەرۆک کۆماری پێشتری کۆماری ئیسلامیی) سازماندەری پلانی تێرۆری دژبەرە سیاسییەکانی ناو ئێران و دەرەوەی ئێران باقری ذوالقدر بووە. بۆ ئاشنا بوون

---

9 *http://www.banisadr.org/ketab/hezbe_siasi_mosalah.html*

لەگەل دەوری باقر ذوالقدر و محسن رضائی و قالیباف لە کردەوەی تێرۆریستیی عەرەبستان و تیرۆری ملک محمد بروجردی و ئەندازیارێکی ئەمریکایی لە لایەن باقر ذوالقدر کە یەکێ لە ئەندامانی گروپی "منصورین" بووە لە پەردەلادانەکانی اکبر گنجی دا لە و کلیپە بروانە کە لە خبرنامەی گویادا بلاو کراوەتەوە [10] .

خیتابی جەلال تالەبانیی بۆ دەسپێکی بە ناو وتوێژی د.قاسملوو لە ۲۸دیسێمبر ی ۱۹۸۸ کە بە نووسینی راپۆرتەخەبەرییەکەی تالەبانیی بۆ علی فلاحیان رێک خرابوو لە چوارچێوەی کاری ناوبراودا بووە.....

**کۆبوونەوەی د.قاسملووو عەبدوللا قادریی بە پلانی جەلال تالەبانیی لەگەل تێرۆریستەکانی رفسنجانی لە ۲۸ و ۳۰ دێسێمبر۱۹۸۸ و ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹**

یەکەم راپۆرتەخەبەرییەکەی تالەبانیی بەوشێوەیە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، لە کوردستان ژمارە ۱۲۷ سالی ۱۳٦٦ دا کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا خرایە بەرچاو بۆ بریاردەرانی تێرۆر و بە تایبەتیی بۆ <u>باقری ذوالقدر</u> بەرپرسی کارەتایبەتییەکان رۆشن کردنی گلۆپی سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و ئەسپاردنی ئەرکێک لەو پلانەدا بە تالەبانیی بووە.

دووهەم، خیتابی سیاسیی جەلال تالەبانیی بۆ وتوێژی قۆناخی یەکەمی نێوان د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران کە رێکخەرەکەی تالەبانیی بووە گرنگترین بەشی ئەو روداوە بووە کە د.قاسملوو بە نهێنیی تۆماری کردبوو.

کۆبوونەوەی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەگەل دوو تێرۆریستی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی محمد جعفری صحراروی و اجوادی ( حاجی مصطفی ) بە بەشداریی جەلال تالەبانیی و سێ ئەندامی سەرکردایەتیی ینک بە ناوەکانی خەسرەو خاڵ و شازاد سائیب و نەوشیروان مصطفی ئەمین، بە ئاگاداریی ئەحمەد بنبێلا و باڵوێزخانەی ئێران بۆ نیشاندانی جیددی بوونی وتوێژەکە بە د.قاسملوو لە ۲۸ دیسامبری ۱۹۸۸ تا ۲۰ ژانویەی ۱۹۸۹ کە لە رۆژی یەکەم لە ماڵی خەبات مەعروف، لایەنگرێکی تالەبانیی بووە و سەعدی ئەحمەد پیرە ،ئەندامێکی سەرکردایەتیی ینک رێکی خستبوو، یەکەم کۆبوونەوە بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو بە بێ ئاگادارکردنی ئەندامانی حدکا لە دەرەوەو ناوخۆی ولات بووە.کە بە نهێنیی پێک هاتبوو. تالەبانیی هەموو هەوڵی ئەوە بووە ئەندامانی حدکا لەو پلانە ئاگادار نەبن و پەیام و خیتابی تالەبانیی کە د.قاسملوو بە نهێنیی تۆماری کردبوو و مەلاعەبدوللا ۲۷ساڵی رەبەق لە خەلکی کورد و ئەندامانی حدکای شاردبۆوە بۆ ئەوە بووە کە ئەوبەڵگەنامانە کە بەدژی تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان لە ئارادا بوون روو نەکرێن و لە دادگاکاندا نەخرێنە بەر لێکۆلینەوە وگومانلێکراوەکان نەکێشرێنە دادگا.

مەلا عەبدوللا حیاکیی ، ئەو هاوکارە کارامەیەی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیمی خومەینیی و زانیاریی ی.ن.ک. بە بیانووی نەبوونی خەرجی وەکیل( محامی) پەروەندەی تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی خستە ژێر بەرە و کۆتایی بە لێکۆلینەوە لەو جینایەتە هێنا. لە لایەکی دیکەوە بۆ چەواشەکردنی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو دەیان بەرگی زنجیرەیی ئەو پەروەندەیە کە لە لایەن دەزگای دادوەریی ئوتریشەوە بۆ دەفتەری حدکا و پارێزەر(محامی)ی هاوژینەکەی بەرێز د.قاسملوو ناردرابوو دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی لەلایەن مەلا عەبدوللاوە خرابووە ژێر دەستی تالەبانیی و صحراروی کە بۆ چەواشەکردنی واقعییەت و پاکانەکردن بۆ خۆیان کەڵکی لێوەربگرن.

مەلا عەبدوللاتاوانی خەواندنی پەروەندەی تێرۆرەکەی د.قاسملوو عەبدولقادر بەوە پێنەکرد کە گوایە: " حدکا خەرجی وەکیلی پەروەندەکەی نەبووە"...

## <u>پلانی رژیمی خومەینیی بۆداگیرکردنی باشوری کوردستان بە هاوکاریی سەرانی ی.ن.ک</u>

وتوویژی محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران کە لە لە ژێرناوی" روایت-جنگ-از-زبان-فرماندە-جنگ"[11] لە رۆژی دوو شەممە ۱۱ی گوڵانی ۱۳۹٦ (۱ مای ۲۰۱۷ ) بڵاوکرایەوە[12] لە واقیعدا پلانی نهێنیی بۆ توناکردنی هەموو بزوتنەوەکانی کورد و تێرۆری رێبەرانی حدکا بووە.

---

10 http://news.gooya.com/2017/05/post-3403.php

رژیمی بەعس لە رەوتی روداوەکاندا بە وردیی لە هەموو پلانەکانی رفسنجانیی و تالەبانیی و وەڤدەکەی ئاگادار بووە. ئاکامی لێکۆلینەوەکان و راپۆرتی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چواری ینک لە ٢٩-٢٠٠٩/١٠/٣١ و وەلامی ئەو راپۆرتەی تالەبانیی لە لایەن نەوشیروان مصطفی ئەمین لە نووسراوەکەیدا بە ناوی لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین و تەسلیم کردنی باشوری کوردستان بە ئێران لە لایەن ینک و وەرێخستنی شەری هەلەبجە و دامەزراندنی گرنگترین بنکەی جاسوسیی بە هاوکاریی ی.ن.ک. لە سەردەشت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لە بەرەکانی شەری ئێران و عێراق بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و ئاشکراکردنی ئەوزانیارییانە لە هێرشەکانی دوو قۆلیی ینک و سپای پاسداران بۆ گرتنی هەلەبجە و پلانی داگیرکردنی شارەکانی سلێمانی، کەرکوک و دەربەندیخان و بە گشتیی هەموو باشوری کوردستان لە دەزگا ئەمنییەتییەکانی صدام شاراوە نەبووە. لەو رووەوە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ئەنقەست هەولیداوە کە رژیمی بەعس لە هاودەستیی سەرانی ینک و سپای پاسداران ئاگاداربێ بۆ ئەوە کارێک بکا کە عێراق و ئێران لە شەری کورد رزگاریان بێ .

رژیمی بەعس ئاگاداری سەرچاوەێ هەمووکارەساتەکانی کوردستان بووە کە بە هاوکاریی هەموو سەرانی تەنزیمی ی.ن.ک، بەسەرکردایەتیی جەلال تالەبانیی و پشتیوانیی وەڤدەکەی لەگەل باقر ذوالقدر بەرپرسی ئۆدەی کارەتایبەتییەکان ( تێرۆری دژبەرانی سیاسیی رژیم) رێکەوتنێکی بێ ئیعتیباریان لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٦ ئیمزاکردبوو.تالەبانیی و سپا بەو رێکەوتنە هەموو بزووتنەوەکانی کوردیان لە رۆژهەلات و باشوری کوردستان تونا‌کرد. کارەساتەکانی کوردستان هەموو ئاکامی ئەو رێکەوتنە خێڵەکییەی تالەبانیی و تەنزیمەکەی لە گەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە.

پێنج خولەک لە پەیامە تۆمارکراوەکەی تالەبانیی بە دەنگی خۆی بۆ دەسپێکی وتوێژی نێوان د.قاسملوو تێرۆریستەکان کە لە رۆژی ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ لە ڤییەن بە نهێنیی کە لە لایەن د.قاسملووەوە تۆمار کرابوو دەبێ لە پێوەندیی بە هەموو کارەساتەکانی کوردستانەوە و پلانەکانی رژیمی خومەینیی وتەکانی محسن رضائی فەرماندەری سپای پاسداران کە لە رۆژی دوو شەممە ١١ی گوڵانی ١٣٩٦ /١ مای ٢٠١٧ بلاو کرایەوە وێکرا بخوێندرێنەوە.

**دواخستنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو لە قۆناخی یەکەمەوە بۆ قۆناخی دووهەم**

چەند کۆبوونەوەیەک لە رۆژەکانی ٢٨ و ٣٠دێسێمبری ١٩٨٨ لە لایەن تالەبانییەوە بۆ د.قاسملوو و تێرۆریستەکان لە مالّی خەبات مەعروف و فازل رەسوڵ و براکانی رێکخرابوو، بەلام کتوپر وبێ هیچ بیانوویەک راگیرابوو.

د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لەگەل تێرۆریستەکان لە ٢٨ و ٣٠ی دێسامبری ١٩٨٨ کۆببوونەوە. دوای ئەو کۆبوونەوانە کە رۆژی یەکەم لە مالی خەبات مەعروف ( لایەنگرێکی تالەبانیی) و دواتر لە مالی فازل رەسول و براکانی بەرێوە چوو بوون بۆ ٢٠ ژانویەی ١٩٨٠راگیرابوو.

بە پێچەوانەی وتەکانی تالەبانیی کە لە وتوێژ لەگەل کارۆل پرۆن هۆبێر ، نووسەری کتێبی خولیاومەرگی رەحمانی کوردا کە ئیددیعای کردبوو:" چووەتە لای وەزیری ناوخۆیی ئوتریش (فرانتس لۆشناک) و ماشێن و چەکداری لێوەرگرتووە و مەلا عەبدوللاش ٢٧ چەکداری بە جەبەڵخانەیەکەیە بردووەتە مالّی فازل رەسوڵ و براکانی و خەبات مەعروف، ئەوانە ساختەن و روداوێکی ئاوا نەبووە. ئەگەر روداوەکە بەو شێوەیە بووە با ئەندامانی دیکە ی ئەو هەیئەتەی تالەبانیی بریتیی لە : نەوشیروان مصطفی ئەمین، شازاد سائیب و خەسرەوخاڵ کە لەو کۆبوونەوانەدا بەشدار بوون باسی بکەن.

تالەبانیی خۆی بە پاسپۆرتێکی تەزویرییەوە چووبووە ڤییەن. لەوکاتەدا کە لە ئاپارتمانەکانی ئیدلهۆڤ مابوونەوە بۆ ئەوە ئاشکرانەبن حەوت تا ٨ کەس لە ئۆدەیەک دا خۆیان حەشاردابوو. لەو ئۆدەیەدا تەنیا

---

*11 https://www.youtube.com/watch?v=6r8HHThIyGI&feature=youtu.be*

12 http://vista.ir/article/341282/

محمد جعفری صحرارودی ، حاجی مستەفا اجوادی و نەوشیروان مصطفی ئەمین ناوی خۆیان بە دەفتەری هۆتێلەکە راگەیاندبوو.

کۆبوونەوەکانی د.قاسملوو تێرۆریستەکان و لایەنگرانیان لە رۆژەکانی ٢٨ و ٣٠ دێسامبری ١٩٨٨ کرابوون کە سەرجەم لە ٣ کاسێتدا تۆمارکراون. رۆژی ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ کاسێتی ژمارە ٤ تۆمارکرابوو.

هۆی چی بووە کە کۆبوونەوەکان لە دوو رۆژدا کۆتایی پێنەهاتبوو و بۆ رۆژی ٢٠، ژانویە ١٩٨٩ وەدوا خرابوو باس نەکراوە.

سەعدی ئەحمەد پیرە، براکانی فازل رەسوڵ، نەوشیروان مصطفی ئەمین و شازاد سائیب و خەسرەو کاڵ هیچ شتێکیان سەبارەت بەو رووداوە باس نەکردووە کە لێی ئاگادار بوون. تالەبانیی و ئەحمەد بنبێلاش هەرگیز دوای ترۆری د.قاسملوو نەیانوێرابوو بگەڕێنەوە بۆ ڤییەن کە لەسەر رووداوەکان و بە تایبەتی وەدواخستنی وتوێژەکە بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ پرس و جۆیان لێبکرێ.

بەڵگەنامەکان و بە تایبەتیی لێکۆڵینەوەی دادوەران و پۆلیسی دادوەریی و امیر منصور بزرگیان اصل، واتە تێرۆریستی سێهەمی ناردراو بۆ ڤییەن حیکایەت لەو واقعییەتە دەکەن کە ناوبراو لە قۆناخی یەکەمدا لە رۆژانی ١٨/١/١٩٨٩ تا /١٩٨٩/ ١/٢٤ناردرابوو بۆ ڤییەن. لەو ماوەیەدا صحرارودی گەڕابۆوە بۆ تاران و امیر منصور بزرگیانیان بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوڵلا قادریی بۆ ڤییەن ناردبوو. دوو بەڵگە بۆ سەلماندی ئەو ئیددیعایە لە پەروەندەکەدا هەیە.

یەکێ لە تێرۆریستەکان بە ناوی امیر منصور بزرگیان اصل لە دایکبوی ١٩٥٨ تاران خاوەنی پاسپۆرتی ژمارە ٠٥٤٠٠٩– ١٤ ژانویەی ١٩٨٩ کە دوای تێرۆری د.قاسملوو و کەوانە کردنی گوللەیەکی وێڵەکیی و بریندار بوونی صحرارودی بە و گوللە وێڵەکییە نەیتوانیبوو ڕابکا و صحرارودی بەجێ بێڵی، لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆڵینەوەدا گوتبووی: " من دیپلۆماتم، داوادەکەم نوێنەرێکی بالوێزخانەی ئێران لێرە بێ. چونکە من خاوەنی پاسپۆرتی سیاسییم، ئەگەرچی لە ئوتریش ئیعتیبارەکەی قبول نەکراوە رادەگەیەنم کە پێنج مانگ لەمەوبەر [ لێکۆڵەرەوە نووسیویە:بە گوێرەی رێکەوتێک کە لە پاسپۆرتەکەیدا نووسراوە لە 18.1.1989 تا 24.1.1989 ناوبراو لە لە ئوتریش بووە] لە مەئمورییەتێکی گرینگدابووم. ئەو مەئمورییەتەش بەشداریی کردن لە دیدارێکی نێوان نوێنەرانی کورد و فارسەکان بۆ وتوێژێکی ئاشتیخوازانە بووە. شوێنی ئەو وتوێژە نزیک مالی " د.فازل رەسول" بوو. ژمارەی مالەکە 8 بوو. من خاوەنی مالەکە ناناسم . لەودیدارەدا د.قاسملوو رێبەری حدکا و جەلال تالەبانیی و سێ کوردی دیکە بەشدار بوون.

ناردنی" امیر منصور بزرگیان اصل" لە 18.1.1989 بۆڤییەن کە تا 24.1.1989 لەو شارە مابۆوە، بۆ بەڕێوەبردنی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر بووە.

بزرگیان تێرۆریست بووە نە دیپلۆمات. ناوبرا لە ناساندنی زیاتری خۆیدا دوای ئەوە کە دەڵێ پاسپۆرتی سیاسیی هەیە دەڵێ:" من خزمەتکاری هەموانم، وەرگێڕی وتەکانی لە وەرگێرانەکەیدا بە " Mädchen für alles واتە قەرەواش و کڵفەتی هەمووان ی تەرجەمەکردووە. تالەبانیی لە پێناسەکردنی بزرگیاندا بە بادیگاردی صحرارودی ناودێر کردبوو. لەبەر ئەوە ناردنی لە تارانەوە بۆڤییەن، بە پاسپۆرتێکەوە کە رۆژی ١٤ ژانویە بۆی نووسراوبوو و رۆژی ١٨ سەفەری ڤییەنی پێکردبوو کە رۆژی ٢٠ ی ژانویەی ١٩٨٩ئاخر رۆژی وتوێژەکە دیاریی کرابوو بەوەرچاوگرتنی ئەو دوو رووداوەی ژێرەوە ناردنی ناوبراو لە تارانەوە بۆ ڤییەن تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی پلانی تێرۆرەکە بووە. ئەو دوو رووداوە سەلمێنەری ئەو واقعییەتەن.

١– کرینی مۆتۆرسیکلێتێک لە لایەن صحرارودییەوە لە ڤییەن لە خولی یەکەمی بە ناو وتووێژدا بە قیمەتی 40000 شیلینگ لە ڤییەن بە مەبەستی ڕاکردنیان لە دوای تێرۆری د.قاسملووو هاورێکەی، بەرەو فرۆکەخانەی ڤییەن.

٢– کرینی ئاپارتمانێک لە ڤییەن بۆ ئەحمەد بنبێلا لە مانگی دیسێمبری ١٩٨٨ بە قیمەتی یەک ملیۆن و چوار سەت و پەنجا هەزار شیلینگ لە ڤییەن، بۆ متمانەدان بە د.قاسملوو کە ئەویش لە وتووێژەکەدا بەشداریی دەکا.

بالوێزخانەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، کاری کڕین و تەشریفاتەتی دەفتەرخانە و دانی قیمەتەکەی بە فازل ڕەسول ئەسپارد بوو.

شاردنەوەی ئەو وتوویژە لە حدکا هەر لەسەرەتاوە بە ناردنی راپۆرتی خەبەریی- نهێنیی ( محرمانە)ی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیمی خومەینیی دەستی پێکردبوو. کۆبوونەوەکانی دیکەی شاراوەتر و بێ ئاگاداریی کومیتەی ناوەندیی حدکا، بە حدکا بە نهێنیی و بۆ ینک ئاشکرا و لە کەلێن و قوژبناندا بەڕێوە چوو بوو.

لێکۆلینەوەکان بەروالەت وا نیشاندەدەن کە تالەبانیی و هاوکارەکانی بە تایبەتیی فواد معصوم ، نەوشیروان مصطفی و فەرەیدون عەبدولقادر " خەریجی کۆلێژی قانون و مافەکان بوون".

نەوشیروان مصطفی ئەمین خۆی لەکتێبی لە " کەناری دانۆبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لاپەرەی ٨ " نووسیویە کە گوایە لە "زانستگای ڤیەنا" خوێندکار بووە و هاوکات لە فاکولتێتی فەلسەفە و پێوەندیی ناودەولەتان لە فاکولتێتی قانوون" ناوی نووسیبوو. ناوبراو لەو بەشەدا کە دەبوو بینووسێ چەند ساڵی لەو دوو زانستگایە خوێندووە خۆی لێ‌لاداوە و چووەتە سەرباسی جوملاستیک، شاخەوانیی و وەرزشی ئاریستوکراتیی. دەردەکەوێ کە ناوبراویش لە فاکولتێتی قانووندا نەیخوێندووە و گەڕاوەتەوە بۆ خڕی ناوزەنگ. خۆی لە لاپەرەی ٤٢هێڵی چواردا نووسیویە :" لە دواقۆناخی خوێندنی دوکتورادابووم، گەرا مەوە بۆ خڕی ناوەزەنگ. نەو شیروان مصطفی نەینووسیوە خوێندنی دوکتۆرا چەند قۆناخی هەیە؟ ئەوەی کە ئەو دەبوو بیخوێنێ و نەیخوێندووە هی بەر لە خوێندنی دوکتۆرا بووە. ناوەرۆکی هەموو نووسراوەکانی ئەندامانی سەرکردایەتیی ینک حیکایەت لەوە دەکەن کە ئەو سیاسەتڤانانە لە پێوەندیی بە باسی دەولەت و دەولەتداریی، حکومەت، حاکمییەت، دابەش کردنی دەسەلات، ئەرکی ئۆرگانەکانی دەوڵەت ، قەوارەو نەوعی دەولەت و... تەنیا بەشی دەزگای جاسوسیی‌یان بە دەوڵەت زانیوە و پێوەندیی‌یان پێوەگرتووە و گەلی کوردیان بە سەنگی سیا هەڵێناوە. بڕوانە ڕێکەوتنەکانی تالەبانیی و وەفدەکەی و سپای پاسداران.

جیلی نوێ بۆ ئەوە لە ناشارەزایی سیاسیی و بێ ئیعتیباریی ڕێکەوتنی تالەبانیی و وەفدەکەی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران( باقر ذوالقدر، محمد مقدم تهرانی، صحرارودی، محسن رضائی ، قاسم سلێمانی ) ئاگادار بێ و بزانێ تالەبانیی و وەفدەکەی چۆن خەلکی کوردو و سەدان هەزار کوردی هەژاریان بەرەو ئەو کارەساتانەی ئەنفالەکان ، هەلەبجە، سەردەشت و ڤرانکردنی کوردستان، تونا کردنی فەرهەنگ و ئەخلاق ڕاداوە با ئەو لاپەرانەی یادداشتەکانی شەوکەتی حاجی مشیر لەو لاپەرانەی خوارەوە دا بخوێننەوە و بزانن کەس و کاریان چۆن بەرەو ئەنفال و کۆمەڵکوژیی‌یەکان ڕاونراون.

کرتە بۆ ئەو ژمارانە بکە !Ctrl دابگرە! ژمارە ١٨٦-١٨٧ و ١٨٨-١٨٩ و ١٩٠-١٩١
١٩٢-١٩٣ ١٩٥-١٩٤ ١٩٦-١٩٧ و ١٩٨-١٩٩ و ٢٠١-٢٠٠
٢٠٢-٢٠٣ ٢٠٦-٢٠٧

سەرناوی کتێبەکەی نەوشیروان دەریدەخا کە ناوبراو خوێندنەکەی بۆ تەواونەکراوە و کەناری دانۆبی جێ هێشتووە و بەرەو خڕی ناو زەنگ گەڕاوەتەوە.

نەوشیروان مصطفی و هاوکارە خەریجەکانی زانستگە ی کە لە ١٩٨٦ خۆیان و تەنزیمەکەیان لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا تواندبۆوە، بەم کارەیان بوونە زەمینەخولقێنی هەموو کارەساتەکان بۆ دوو ڕژیمی بەعس وکۆماری ئیسلامیی ئێران. لە نووسراوەکانیاندا وایان نوواندوە کە تەنێ ڕژیمی صدام بەرپرسی ئەو هەموو کارەساتەبووە کە بەسەر کوردو سازمانە سیاسیی‌یەکان هاتووە.

ئائەوکاتەی کە تالەبانیی لە پلێنۆمی چواری ینک نەوشیروان مصطفی ئەمینی بە زۆر تاوانی تێرۆریستیی و هاندانی صدام بۆ خولقاندنی کارەساتی هەلەبجە تۆمەتبار نەکردبوو، جەلال تالەبانیی بۆ ئەو قیبلەی مواراد بووە[13]. هەرگیز ڕێگەی نەداوە بە خۆی کە ڕەخنەیەک لەبریارە کوردتوناکەرەکانی تالەبانیی بگرێ. بەلام کاتی کە تۆمەتبار بەهەموو تاوانەکانی ناو ینک و شارەکان کراوە، وەجواب هاتووە و لە داکۆکیینامەکەیدا لە

13 لە کەناری دانۆبەوە بۆخڕی ناو زەنگ، لاپەرەی ٤٢ بەلام دوای راپۆرتەکەی تالەبانیی بۆ پلێنۆمی چوار، تالەبانیی بووە بە قاتل، مرۆڤی کوشتووە و بۆشی گریاوە.

خۆی، جەلال تالەبانیی بە قاتل ناوبردوووە و نووسیویە: "ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری" بروانە لە هاوخەباتیەوە بۆ تەخوین!.

ئەو سیاسەتکارانەی ینک پاسدارەکانی وەکو صحرارودی، اجوادیی، باقری ذوالقدر، اجوادی، بزرگیانیان بە نوێنەری دەولەتی ئیران، نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆکی پارلمان ونوێنەری سەرۆک کۆماری ئێران بە د.قاسملوو ناساندبوون. بروانە رێکەوتنی تشرینییەکەمی ١٩٨٦ ی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقری ذوالقدر تالەبانیی و ئەندامانی تەنزیمەکەی لە پێوەندیی بە دەوڵەتانەوە تەنیا لەگەل دەزگای ئەمنییەتیی دەوڵەتان لە پێوەندییدابوون.

رفسنجانی تا کاتی کردنی تالەبانیی بە سەرۆک کۆمار بۆ یەکجاریش رێگەی نەدابوو بچێتە لای. هەر داخوازێکی ماڵیی و چەک و تەقەمەنیی هەبوبێ لەلایەن ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە و بە تایبەتیی محسن رضائییەوە بە رفسنجانیی راگەیاندرابوو.

متمانە کردنی د.قاسملوو بە تالەبانیی و نۆشیروان مصطفی ئەمین و شازاد سائیب و خەسرەو خاڵ و ئاگادار نەکردنی ئەندامانی حدکا لە پلانی وتوێژەکەدا و لەباربوونی هەلو مەرجەکە بۆ تێرۆری د.قاسملوو دەبێ پلانداڕێژەرانی بەو قەناعەتە گەیاندبێ کە لە قۆناخی یەکەم دا کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو بێنن. ئەو بابەتانەی کە باس دەکرێن هەرگیز لە لایەن تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەمین ، شازاد سائیب و خەسرەو خاڵ و بنبێلا باس نەکراون. تالەبانیی،و خەسرەوخال و شازاد سائیب هەرگیزلە ڤییەن خۆیان دەرنەخستبوو، بۆ پۆلیس ئاشکرانەبوون و نەزانرابوو بە چ پاسپۆرتێکەوە و بە چ ناوێکەوە چووبوونە ئوتریش و لە رۆژی یەکی ژانویەی ١٩٨٩ تا ٢٠ ی ژانویە لە کوێ ژیابوون.

تالەبانیی لە قۆناخی یەکەمدا بە ناوێکی نەناسراو و بە تەنیا چوو بووە ڤییەن و لە فرۆکەخانەی ڤییەن لە لایەن سەعدی ئەحمەد پیرەوە پێشوازیی لێکرابوو.

ئەو رۆژانەی کە صحرارودی و اجوادی ( دوو تێرۆریستەکەی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران )لە هۆتێل- ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆف[14] لەگەل نەوشیروان مصطفی ئەمین و تالەبانیی و سێ یان چوار کەسی دیکە لە ئۆدەیەک دا بوون تەنیا نەوشیروان مصطفی و دوو تێرۆریستەکە خۆیان بە دەفتەری ئاپارتمان- هۆتێلەکە ناساندبوو. بروانە ئەو وەرەقەیەی نەشروان مصطفێ کە خۆی بە "رۆژنامەنووس"و عێراقیی،دانیشتووی بەغدا شەقامی رەشید ناساندبوو.


Gästebuchblatt
KENNZAHL
Edelhof-Apartments
Fam. Wratschko
1180 Wien, Edelhofgasse 8
Tel. 0222/31 90 88 od. 31 90 89
X Zutreffendes bitte ankreuzen! № 84
Familienname / surname, nom: Amin
Geschlecht / Sex: männlich / male / mâle — weiblich / female / féminin
Vorname / first name, prénom: Nothirwan M.
Geburtsdatum / date of birth, date de naissance: 1.7.1944
Staatsangehörigkeit / nationality, nationalité: Irakisch
Ordentlicher Wohnsitz / permanent residence / domicile (résidence): Raschid Str. 21/20 (Straße, Gasse, Platz) address, rue — (Postleitzahl) zip code, code postale — Bagdad (Ortsgemeinde) place, lieu — Irak (Staat) country, pays
Beruf / profession, profession: Journalist
Ehegattin(-gatte) / wife, épouse: / (Vorname, Geburtsjahr) surname, date of birth, nom, date de naissance (+2)
Kind(er) / child(ren), enfant(s): (Vorname, Geburtsjahr) surname, date of birth, nom, date de naissance

| | Tag | Monat | Jahr |
| --- | --- | --- | --- |
| Ankunft am | 18. | 1. | 89 |
| Abreise am | | | |

Bei REISEGRUPPEN: Gesamtanzahl der Reiseteilnehmer (einschließlich Reiseleiter)
(Unterschrift des Eintragenden)
Aufgliederung nach Herkunftsland

| Herkunftsland | Anzahl | Herkunftsland | Anzahl | Herkunftsland | Anzahl |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |

چ هۆیەک لە ئارادابووە کە تالەبانیی و هاورێکانی خۆیان ئاشکرا نەکردبوو و ٧-٨ کەس لە ١٨ /١/١٩٨٩ وێکرا لەو شوێنە و تەنیا لە یەک ئۆدەیەدا خۆیان حەشاردابوو؟ ئەوان دەسکورت نەبوون و توانایی ئەوەیان بووە خەرجی چەند رۆژی هۆتێلەکەیان بدەن.

پۆلیسی داوەریی و داوەرانی لێکۆڵینەوە زۆریان هەوڵدابوو کە بزانن لەماوەی نزیک بە مانگێک کە تالەبانیی و هاورێکانی کە لە ڤییەن بوون لە کام هۆتێل بوون؟ پۆلیس نەیتوانیبوو لەو بابەتە ئاگاداربێ.

بروانە ئەو تەنیا روپەرە کە نیشان دەدەدا، نۆشیروان مصطفی ئەمین لە ١٨ /١/١٩٨٩ لە ئاپارتمانەکانی ئێدلهۆف بووە و ئەو وەرەقەیەش بە خەتی نەوشیروان مصطفی ئەمین نووسراوە.

ناسناو ئەمین، ناو نۆشیروان لەدایکبووی 1.7.1944 عێراقیی، شەقامی الرشید ٢٠/٢١ بەغدا، عێراقی، رۆژنامەنووس. رۆژی مانەوە لە هۆتێل18.1.1989

14 Edelhof-Apartments

سەرنجراکێشە کە نەوشیروان مصطفی، د.قاسملووو حیزبەکەی بە بەعسیی و دوژمنی ێنک زانیبوو. بەلام بۆمتمانە پێدان بە د.قاسملوو کە گوایە وتوێژەکە بۆ رفسنجانی جیددییە، د.قاسملووی هاندابوو کە لەو وتوێژەدا بەشداریی بکا؟!! ئەو گرتە ویدیۆییەی نەوشیروانیش لە خوارەوە ببینە ! [15]

لە ١٩ تۆن بەڵگەنامەی حیزبی بەعسدا کە کەوتە دەستی پارتی دێموکراتی کوردستان و ی.ن.ک ناردیانن بۆ ئەمریکاو کران بە ٢٥ .سی.دی و ناردرانەوە بۆ ئەو دوو تەنزیمە، یەک بەڵگەی تێدانەبوو کە نیشانبدا د.قاسملوو وتەنزیمەکەی دژ بە تەنزیمەکانی کورد خراپەی کردبێ. د.مەحمود عوسمان لەو رووەوە واقعییەتی باس کردووە.

## ناساندنی کەسایەتیی ئەحمەد بنبێلا

ئەحمەد بنبێلا لەلایەن ابوالحسن بنیصدر، رەچەڵەک کورد، خەڵکی بیجاری گەڕوس، یەکەمین سەرکۆماری ئێران، لە کتێبێکیدا بە ناوی روزها بر رئیس جمهور چگونه میگذرد لە رۆژی " دو شنبه ١٦ تیرماه ١٣٥٩ بەم شێوەیە ناسێندراوە :

"بعداز ظهر یک الجزایری نزد من و درباره تفکر بن بلا صحبت کرد که او تفکر اسلامی پیدا کرده و در این تفکر به خلوص رسیده است. او پیشنهادهائی در باره بین الملل اسلامی داشت."

بن بلا هەوڵی دابوو بەشێوەیەک خۆی لە کۆماری ئیسلامیی نزیک بکاتەوە و کاریکی پێ بسپێرن. تالەبانیی لە کۆنەوە، لە و ٢٧ ساڵەی کە لە لای حیزبی بەعسی سوریا ژیابوو و دواتر چوو بوو بۆ لەلوبنان بۆ ماوەی چوارسال لە گەڵ رێکخراوی بەرەی ئازادیخوازی فەلەستینی جۆرج حەبەش کە بە رێکخراوێکی تێرۆریستیی ناسرابوو تێکەڵ ببوو. ئەو ئاشنایەتیییە ی لەگەڵ ناوبراو هەبووە و لەو دوو ولاتە بنبێلای ناسیبوو و لەگەڵی لە پێوەندیی دابووە.

ئاشنابوونی فازل رەسوڵ و بنبێلا و تالەبانیی و پێوەندیییەکانیان بە حیزبوللای لوبنان و دواتر بە ئێتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە، لە لایەن ابوالحسن بەنی صدرەو باس نەکراوە. بەلام لە یەک دوو وتوێژیدا کە باسی تێرۆرەکەی کردووە زۆر زانیاریی سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو هەبووە کە باسی نەکردوون.

بۆ ئاگادار بوون لە دەوری تالەبانیی و پێوەندیییەکانی بە دەولەتەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست: سوریا، لوبنان ، حیزبوللای لوبنان ، ئەمریکا، ئێران و تورکیا، وتوێژی[16] دیلیپ هیرو لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی دێموکراسی ئێستا لە ژمارەی٩ دا بە زمانی ئینگلیزیی بخوێنەوە. [17] دیلیپ هیرۆ لەدوو کتێبی دیکەی خۆیدا بە ناوەکانی[18] مەتاڵی بیابان و تۆفانی سەحرا و نهێنیی و درۆکان لە شەری ئێران و عێراقدا باسی لە سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و بە تایبەتیی جەلال تالەبانی کردووە. چەندوێنەی[2] سەرنجراکێشی ناوبراو لە کۆتایی ئەو بەشەدا لەو کتێبەدا ببینە!

تەشریفاتی کرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا بە دەستوری کارگێرانی باڵوێزخانەی رژیم لە ڤییەن لە لایەن فازل رەسوڵەوهلە مانگی دیسامبری ١٩٨٨ لە ڤییەن بەرێوە چوو بوو. دەوری تایبەتیی فازل رەسول و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ( حیاکیی) لەسەرجەمی روداوی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی و پێوەندیی یەکانی بە جەلال تالەبانیی، نەوشیروان مصطفی ئەحمەد بنبێلا، سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایر( تەواوە لە ئیدئۆلۆژیی خومەینیو رابردووەکەی بە پێی بەڵگەنامەکان باس دەکرێن.

پۆلیسی دادوەریی ئوتریش و دادوەرانی لێکۆلینەوە رۆژێک دوای تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە کرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا لە لایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە بە قیمەتی ملیۆنێک و چوارسەت و پەنجا

15 *https://www.youtube.com/watch?v=oOEK3l_dRvI*

16 *Dilip Hiro Democracynow*

17 *https://www.democracynow.org/2005/4/7/iraqs_new_president_jalal_talabani_ally*

18 *Secrets and Lies 11 Desert Shield to Desert Storms*

هەزار شیلینگ ئاگادار ببوون. لەو رووەوە دادوەری لێکۆلینەوە بەرلەوە ئاگاداری کوژرانی فازل رەسول بووبێ قەراری گرتنی فازل رەسول و حاجی مصطفی اجوادی( تێرۆریستی راکردوو)ی دابوو. پێشتر بەڵگەی کرینی ئاپارتمانەکە بۆ بنبێلا و ئیمزای سەنەدی ئاپارتمانە کردراوە کە و تەرجەمەکەیمان لەگەڵ راپۆرتی پۆلیسی دادوەریی و دانی قیمەتەکەی و ئیمزای کرینی ئاپارتمانەکە بۆ بنبێلا و تەسلیم کردنی سەندی مالەکە بە بنبێلا لە لایەن فازل رەسوڵەوە ... بلاو کردووەتەوە. بەڵگەنامەکان بە ئالمانیی نووسراون و وەرگێردراوەکانیان بەکوردیی بلاو کراونەوە.

د.کێسلێر بەرپرسی دژە تێرۆر ویستبووی لێکۆلینەوە لە بنبێلا بکا، بە قەولی کارۆل پرۆن هۆبێر ئەو "رێویە پیرە" لە سەد ئاوی‌دابوو و نەیهێشتبوو قولاپەی تەڕ ببێ. بنبێلا کە زانیبووی پۆلیس ئاگاداری خۆفرۆشییەکەی بووە و ریسوادەکرێ بۆ دەرباز کردنی خۆی لەگەل د.کێسلێر بەرپرسی بەشی دژەتێرۆر بە کێشە هاتبوو و لە ڤییەن رای کردبوو.

تالەبانیی و ئەحمەد بنبێلا بەر لە سالی دوو هەزارو نۆ و چاپی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لە ئەلجەزایر وتوێژێکی تێرۆتەسەلیان بۆ رەتکردنەوەی بەڵگەنامەکان کە لە پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو عەبدولڵا قادریی دزرابوو و مەلا عەبدوولڵا ئەو دەرفەتەی بۆ تالەبانیی پێک هێنابوو بۆ پاکانە کردن بۆ خۆیان لەگەل نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان کەڵکیان لێوەرگرتبوو. چ هۆیەک تالەبانیی ناچار کردبوو کە بەدوای نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورددا بچێتە فەرەنسە و ئەلجەزایر سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو بدوێ بابەتێکی سەرنجراکێشە.



**پاسپۆرتی سیاسیی بزرگیان و ئاشکرا کردنی نهێنیی‌یەک لە قۆناخی یەکەمی وتوێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکان**

پاسپۆرتەکەی بزرگیان کە کەوتبووە دەستی پۆلیسی ئوتریش ئەو رازەی ئاشکراکردووە کە: " امیر منصور بزرگیان اصل لە کۆبوونەوەکانی قۆناخی یەکەمدا واتە لە رۆژەکانی ۲۸ ی دێسێمبری و ۳۰ دێسێمبری ۱۹۸۸ بەشدار یی نەکردبوو کرتە بۆ ئێرە بکە و ctrl دابگرە ! بەگوێرەی دەقی پاسپۆرتەکە ناوبراو لە 14.1.1989 پاسپۆرتەکەی لە تاران بۆ دەرچووبوو. کاتێ کە لە لایەن پۆلیسی دادوەرییەوە دەکەوێتە ژێر پرسیار و خۆی دەناسێنی کە گوایە دیپلۆماتە و بە پاسپۆرتی سیاسیی‌یەوە هاتووەتە ئوتریش، باس لەوەدەکا کە پێنج مانگ لەمەوبەر، پۆلیس رێکەوتی دیاریکراوی بە پێی پاسپۆرتەکە بەو شێوەیە بۆ دیاریی کردووە ۱۸/۱/۱۹۸۹ تا ۱۹۸۹-۱-۲٤ لە ئوتریش بووە وگوایە لەو وتوویژەی قۆناخی یەکەمدا بەشدار بووە. ئەوەش راست نیە چونکە پاسپۆرتەکەی و رۆژی ناردنی بۆ ئوتریش ئەو ئیددیعایەی رەت دەکەنەوە

## لێکۆلینەوە لە وتەکانی امیر منصور بزرگیان ڤییەن ۱۳/۷/۱۹۸۹

پێشتر بە پێی بەڵگەنامەکان زانیارییەکی سەرەتایی لە تێرۆری د.قاسملوو عەبدولڵا قادریی ئازەر خرایە بەر باس وگوترا کە :

لە کاتژمێر ۱۷:۲۰ رۆژی ۱۳/۷/۱۹۸۹ لە ئاپارتمانی ژمارە ۱۲ ، بینای ژمارە ٥ ی شەقامی لینکە بانگاسێی مەنتیقەی ۳ی شاری ڤییەن د. عەبدورِرەحمان قاسملوو، سکرتێری حدکاو نوێنەرەکەی لە ئوروپا بە ناوی عەبدولڵا قادریی تێرۆر کرابوون.

تاوانبارکراوەکان بریتیی بوون لە: حاجی مصطفی اجوادی ، پاسدارێکی نیشتەجێی ورمی و محمد جعفری صحرارودی، سەرپاسداری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، نیشتەجێی گوندی "یاخسەمەر " ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان".

گوندی چۆلکراوی یاخسەمەر، شوێنی ژیانی جەلال تالەبانیی و بنەماڵەکەی بووە. لەو روداوەدا تێرۆریستێکی دیکەش بە ناوی امیرمنصور بزرگیان اصل بەشدار بووە. وینەی ئەو تۆمەتبارە سەرتر نیشان‌درا. کەسێکی دیکەش لەوروداوە دا بە ناوی فازل رەسوڵ گوللەباران کرابوو. فازل رەسوڵ دواتر دەناسێندرێ.

محمد جعفری صحرارودی، سالی له دایکبوونی ١٩٥٦ له تاران نووسراوه. ئەوە ئادرەسی راگەیەندراوی بە هۆتێل شتیگل برۆی [19] ڤییەن بووە.

صحرارودی مانگ و رۆژی لە دایکبوون و ژمارەی پاسپۆرتەکەی لە ناساندنی خۆیدا بە دەفتەری میوانەکانی هۆتێل نە نووسیبوو. ناوبراو لە جەوازی لێخورینی ترومبیلدا بە خەلکی شیراز ناسێندراوە.

پاسدار محمد جعفری صحرارودی ناسراو بە رحیمی دوای رێکەوتنی نەقانوونیی[20] تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل محمد باقر ذوالقدر، بەرپرسێکی ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران کە هاوکات بەرپرسی رێکخستنی فایلی دژبەرانی سیاسیی رژیم بۆ تێرۆربووە، بە ناوی بەرپرسی سەرەکیی ئێران ناردرابوو بۆ یاخسەمەر.

تاڵەبانیی و وەڤدەکەی بە پێی ئەو رێکەوتنە نە قانوونیییەی ١٩٨٦ تەنزیمی ینک یان کرد بوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.

نەوشیروان مصطفی ئەمین لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا لە روپەڕی ١١٣و لە پاراگرافی ٢ دا نوسیویە : "رێکەوتن لەگەل ئێران ،لە باتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان " مام جەلال" و لە باتی جمهوریی ئیسلامیی ئێران محمد باقر ذوالقدر ئیمزایان کرد. دوای ئەوە صحرارودی ناردرا بۆ گوندی یاخسەمەر و لەوێ جێگیر ببوو.

ئەرکی ئەو مەئمورە ئیتتیلاعاتیییە هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی حدکاو رایەڵکردنی تۆری جاسوسیی بۆ تێرۆری رێبەرانی حدکا و کردنی ئەندامانی پلە بەرزی حدکا بە جاسوسی سپای پاسداران و ئاخر سەر کوشتن و راوەدونانیی ئەندامانی بووە. ئەو بەرپرسە ئیتتیلاعاتیییە نزیکترین هاوکارو دۆستی کارگێڕانی ینک، بە تایبەتیی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی ئەمین، فەرەیدون عەبدولقادر، کەمال فواد و فواد معصوم (نوێنەرانی تالەبانیی) لە تاران، ئالمان ،کرماشان و نوێنەرانی تەنزیمەکانی دیکەی کورد بووە. سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر، تا کۆتایی هێنان بە ژیانی د.قاسملوو لە یاخسەمەر بووە و دواتر پلەو پایەی بەرزی دراوەتێ و لەتێرۆری سەدان ئەندامی حدکا دا لەلایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادەوە هاوکاریی کراوە.لە ساڵەکانی دوای تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندییدا بە ناوی ئەبو حیکمەت درێژەی بە تێرۆری ئەندامانی حدکاداوە، بروانە نامەی٢٠/٧/١٩٩٦ لە لاپەرەکانی ٤٣٦ و ٤٣٧ ، ئەزمونی خەبات ئاورێک لە ژیانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە!

جەلال تالەبانیی بۆ مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ی نووسیویە ... یەکەمین شەرتەکانی ئەبو حیکمەت [ بخوێنەوە صحرارودی]مەنتیقین بەلام جاری رەنگە نەتوانین یەکێکیان کە سزادانی تاوانبارەکانە ئیعلان بکەین.... بۆیە گەرلەوە تەساهولمان لەگەل بکەن ، بە شێوەیەکی تر بیلێین ئەو هەمووی تەواوە... بۆ خوێندنەوەی تەواوی نامەکەی تاڵەبانیی بۆ مەلا عەبدوللا کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

لەورووداوەدا کەسێکی دیکەش بە ناوی فازل رەسول مەلا محمود خەکی سلێمانیی لە دایکبووی 9.12.1951 خەلکی سلێمانیی گوللە باران کرابوو. گوایە "سیاسەتکار [21] بووە. مەلا عەبدوللا حەسەنزادە، ئەوکەسەی بە مامۆستای زانکۆی ڤییەن و دوکتورای مافە سیاسیییەکان بە خەلک ناساندووە. ئەوەش راست نیییە ولە جێی خۆیدا بە پێی بەڵگەنامەکان بە وردیی باسی دەکرێ. ناوبراو لە کۆبوونەوەی ٢٨ دیسێمبری ١٩٨٨ لە گەل براکەی بە دوو دەمانچەی ژنەکەیەوە پاسەوانی صحرارودی و تالەبانیی بوون.

پێشتر ئاماژەی پێکرا کە کەوانەکردنی گوللەیەکی وێڵەکیی محمد جعفری صحرارودی لە کاتی تێرۆری د.قاسملوو و گەڕانەوەی بەرەو خۆی و بریندداربوونی ئەو تێرۆریستە بەو گوللە وێلەکیییە پلانی راکردنی تێرۆریستەکان: محمد جعفری صحرارودی و امیر منصور بزرگیان اصل، واتە بادیگاردی ناوبراو بەپێی بەرنامەی دارێژراو پەکی کەوتبوو. تەنیا "حاجی مصطفی اجوادی " کە دواتر ناوەکەی بە پێی زانیاریی راگەیەندراو لە پاسپۆرتەکەیدا دەنووسرێ، توانیبووی رابکاو پۆلیس نەیتوانیبوو پرس و جۆی لێبکا.

---

19 Stieglbraeu

20 - *http://diplomasy.persianblog.ir/post/158/*

21 Politikwissenschafter

راکردنی تێرۆریستی سێهەم بە ناوی حاجی مصطفی اجوادی وتێکچوونی بەرنامەی راکردنەکەیان و درۆکردنیان لە گێرانەوەی روداوەکاندا بۆ لێکۆلەرەوەکان دەرکەوتبوو. ئەو دوو کەسە هەر لەسەرەتاوە لە گێرانەوەی روداوەکەدا درۆیان کردبوو. بە هۆی خوێنرێژیی برینەکەی صحرارودی، ئەو دوو تێرۆریستە دەرفەتی ئەوەیان نەبوو کە قسەکانیان بکەن بە یەک و سناریۆی درۆکەیان رێک و پێک بە دادوەران و پۆلیسی دادوەریی بباوەڕێنن.

بزرگیان لە یەکەم پرس و جۆی دادوەران و پۆلیسی دادوەرییدا لە ١٣/٧/١٩٨٩ کە شەش سەعات و سێ و پێنج خولەکی خایاندبوو، گوتبووی کە: <u>خاوەنی پاسپۆرتی سیاسیی ژمارە 054009 یە کە رۆژی 14ی مانگی ژانویەی1989 پێیدرابوو.</u>

لەسەرەتای لێکۆلینەوەی پۆلیسدا داوای کردبوو کە لە لێکۆلینەوەکەیدا نوێنەرێکی باڵوێزخانەی ئێران لە رەوتی لێکۆلینەوەکەدا بەشدار بێ. خۆی دانی پێدانابوو کە پاسپۆرتەکەی لە لایەن کارگێرانی سیاسیی ئوتریشەوە ئیعتیباری پێنەدراوە.

بزرگیان لەدرێژەی وتەکانیدا گوتبووی : "من لەو باوەرەدام کە من دیپلۆماتێکی تەواوم لەو حالەتەشدا دەمەوێ ولامی پرسیارەکان بدەمەوە."

بزرگیان گوتبووی : پێنج مانگ لەمەوبەر لە ناو کەوانەدا نووسراوە : ( بە پێی رێکەوتی نووسراو لە پاسپۆرتەکەی بزرگیاندا 18.1.1989 تا 24.1.1989) من لە ئوتریش خەریکی کارێکی گرنگ بووم. ئەوەش پێوەندیی بە دیداری نێوان نوێنەرانی کوردەکان و و نوێنەرانی دەولەتی فارسەکانەوە[ ئێران] بوو.

تێبینیی : ١- ئەو رێکەوتەی کە بزرگیان باسی کردووە و تێیدا ئاماژەی بە وتوێژی نێوان د.قاسملوو صحرارودیی بە ناوبژیوانیی تالەبانیی کردبوو وگوتبووی لە ١٤ ژانویەی ١٩٨٩ بووە راست نییە.

ئەو وتەیەی بزرگیان و رێکەوتی نووسین و دانی پاسپۆرتێک بە بزرگیان لە ١٤ ژانویەی ١٩٨٩ واقعییەتێک ئاشکرادەکا کە تائێستا باسی نەکرابوو.

واقعییەت ئەوەیە کە رێکەوتی وتوویژی قۆناخی یەکەم لە ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ ەوە دەستی پێکردبوو. رۆژی یەکەم واتە ٢٨ی دیسامبری ١٩٨٨ لە ماڵی لایەنگرێکی تالەبانیی بە ناوی خەبات مەعروف بووە .لەو وتوێژەدا تالەبانیی، نەو شیروان مصطفی ئەمین ،شازاد سائیب، خەسرەوخاڵ، محمد جعفری صحرارودی و حاجی مصطفی اجوادی تێیدا بەشدار ببوون.

فازل رەسوڵ و براکەی بادیگاردی صحرارودی و تالەبانیی بوون و لە دەرەوەی ئۆدەی وتوێژەکە بە دوو چەکی ژنەکەی فازل رەسوڵەوە ئێشکچیی صحرارودی و تالەبانیی بوون.

پاشماوەی لێکۆلینەوە لە ئەمیر منصور بزرگیان و درێژەی بابەتی تێرۆرەکە لە حەوتوویدادێدا باس دەکرێ

سەرنجی خوینەران بۆ ئەو واقعییەتە رادەکێشین کە نهێنییەکانی تێرۆری رێبەرانی حدکا و ئەندامانی لە باشوری کوردستان و لەپێوەندیی بە تێکەلاویی سەرانی ینک و مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و هاوکاریی کردنەکەی ناوبراوو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران تارادەیەکی زۆر ئاشکرابووە تا ئەو جێگایە کە لە ناوخۆی ولاتەوە و لە ناو دەزگاکانی رژیمەوە جاروبار گۆشەیەک لە نهێنییەکانی تێرۆری رێبەرانی کورد و ئەندامانی تەنزیمە سیاسییەکان و هاوکارانی سپای پاسداران بە ناتەواویی و تێکەڵ وپێکەلیی بڵاودەکرێنەوە. ئەو ناتەواویییە زۆرجار بۆ چەواشەکردنی واقعییەتە هەرچەند هێندێکیش واقعییەتی تێدا باس کرابێ. لەورووەوە ئێمە هەوڵ دەدەین ویرای بڵاوکردنەوەی واقعییەتەکان ئەوبەشانەش کە بە مەبەستی چەوشەکردن بڵاوکراونەوە بە پێی بەڵگەنامەکان و لێکۆلینەوەی روداوەکان ئاشکرابکەین. ئەو بابەتەی کە لە سایتی نوریزاددا و لە پێوەندیی بە دەوری تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی دانی کاخێکی پچووک بۆ کەڵک وەرگرتنی تالەبانیی و یارمەتیی ماڵیی بە نەوشیروان ئێمە واقعییەت بەوشیوەیە کە بووە رابگەیەنین.

ئەو وێنەیە و نووسراوەکانی وێب سایتی محمد نوریزاد لە پێوەندیی بە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی بەوشێوەیە کە دەبیندرێ کەم و کووڕیی تێدایە.
پێویستە نادروستییەک  کە لە راگەیاندنی نووسراوەکە و قەڵت و بڕی وێنەکان و ناوێک کە بڵاوکراوەتەوە باس بکرێ.

دستور کار شناسایی سران مخالف نظام وترورآنان در داخل وخارج کشور بود.لیستی حدود100 نفره تهیه شده بود که در صدر آن لیست مسعود رجوی وقاسملو قرار داشت. در این راستا سر تیم ترور قاسملو کسی جز محمد جوادی نبود.او وظیفه داشت تا علاوه بر کسب اطلاعات از طریق طالبانی وکاک نوشیروان به شکل مقتضی امکان دیدار وملاقات با قاسملو را به بهانه مذاکره آشتی واعطای امتیازات به حزب دموکرات کردستان ایران را فراهم کند عملیاتی فریب که انصافا جلال وکاک نوشیروان برای این مقصود سنگ تمام گذاشتند وپس از آن نیز از مساعدت مالی وهمچنین سکنی درکاخ کوچکی دردروس تهران خیابان یارمحمدی بن بست طاهر- جایی که اکنون علی شمخانی با تخریب آن کاخ قدیمی عمارت4 طبقه ای بنا کرده است- پاداش خیانت خود را دریافت کرد.

.




دومین نامه ی سردار اخراجی سپاه به محمد نوری زاد

ارسال شده توسط: محمد نوری زاد   در تاریخ اکتبر 11, 2012   در بخش نامه های نگاشته شده به نوری زاد   38 نظر

**وینەی سەرەوە لە وێب سایتی محمد نوریزاد وەرگیراوە. بۆ خوێندنەوەی ئەوبابەتە  کرتە بکە بۆ ئەو  لینکەی خوارەوە!**

***http://www.nurizad.info/blog/19349***

**لە بەشەکانی دێکەدا باس لە ناوەرۆکی ئەو دەقە و وێنەکەش دەکەین**